# نامەیەک بۆ : بەڕێزان نەچیروان بارزانی و بەرپرسی دەزگای ئاراس



بەڕیزان ئاواتم تەندروستیتانە، خۆتان ئاگادارن کە رابەرانی پێشووی ئێراق بە <u>تاوانی</u> (ئەنفالی گەلی کورد و شیمیاییباران کردنی کوردستان) وان لە دادگا بۆ لێپرسینەوە. ئەگەر تەواوی رابەرەکانی ئێراق لە سەردەمی (مەلیک فەیسەڵ و نووری سەعید) تا دەگاتە سەددام کە زیانیان بە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان گەیاندووە سزا بدرێن، لە چەند سەد کەس تێپەڕ ناکەن. ئەگەر لە دەستووری ئێراق دا تاکەکانی مرۆڤ بەرانبەر ببن، لەو دادگاییەی (سەددام و هاوکارانی) کە ئێستا بەڕیوە دەچێت، ئەگەر ئەوانە سزا بدرێن، تۆڵەی چەند کەسێک دیاری دەکرێ و بەس. ئەوەێش چ دەسکەوتێکی هەیە بۆ کوردستان خۆی باسێکی جیاوازە.

لە پرۆسە دادگاییکردندا، سەددام و هاوکارانی، هەروەها پارێزەکانیان تاوانەکان **رەد** دەکەنەوە، ئەوەیش لە هەر دادگایەکدا کارێکی ئاساییە. روونبوونەوە و سەلماندنی تاوان لە ململانێی دادگا لە نێوان (دادوەر) و (تۆمەتبارکراو، و پارێزەکەی)دا دەگاتە ئەنجام! لە پێناو هەمان باس دا سەرنجتان بۆ باسێکی گرنگ کە پێوەندی بە ئێوەوە هەیە رادەکێشم.

کەسێک بەناوی(**حەمە سەعید حەسەن**) سەبارەت بە ئەنفالی بارزانییەکانی قوشتەپە بەو جۆرە دەڵێت: **تا پدک بەرەو (حاجی هۆمەران) پێش لەشکری ئێران نەکەوت، (بەعس بارزانییەکانی قوشتەپەی ئەنفال نەکرد). سەبارەت بە هەڵەبجەیش** دەڵێت**: تا ینک ئێرانی نەگەیاندە هەڵەبجە، (بەعس کیمابارانی شارەکەی نەکرد).** ئەو تیئۆرییە لە(ژمارە <u>30ی گۆڤاری گزینگ</u>)دا چاپکراوە. خۆتان بەجوانی دەزانن کە رۆژی 28/12/ 2004 لە هەولێر چەند کەسێک وەک نووسەر لە لایەن (دەزگای ئاراس) لە ژێر چاودێری خودی کاک نەچیروان دا خەڵات کران، یەکێک لەو کەسانە (حەمە سەعید حەسەن) بوو.

نووسەری ئەم چەند دێرە لە لاپەڕە 86ی کتێبێک بەناوی(**چیرۆکنووس، یا کینۆکنووس**) کە لە مانگی **ئاوگوستی ساڵی** 2001 دا چاپکراوە، سەبارەت بەو تیئۆرییەی حەمە سەعید حەسەن بەم جۆرەم نووسیوە:

**(راستی، ئەگەر رۆژێک بێتە پێشەوە رابەرانی ئێراق و بەعس و داگیرکەرانی کوردستان ببەنە پای کورسی داد، کام پارێزەر ئەتوانێت بەو شێوە پارێزەری بکات؟)**

**بەڕێزان،** خۆشبەختانە، ئەمڕۆ ئەو رۆژیە! ئەمڕۆ رابەرە تاوانبارەکانی ئێراق وان لە بەر(کورسی داد) دا. ئێستا ئەرکی سەرشانی کاک نەچیروان و دەزگای ئاراس ئەوەیە ئەو کەسە واتە **حەمە سەعید حەسەن** رەوانە بکەن بۆ بەغا تا لە دادگا دا بەرگری لەو **تیئۆرییەی** خۆی بکات.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە، وەک دەزانن (دەزگای ئاراس)دەزگایەکی پارتییە، بەڕیز(نەچیروان بارزانی)یش یەکێک لە بەرپرسانی سەرکردایەتی پارتییە. ئەو کەسە کارنامەی پارتی سەبارەت بە لەناوبردنی 8000 بارزانی قوشتەپە بەو جۆرە دەبینێت و خەڵاتەکەیشیان وەردەگرێت!! ئایا ئەو کەسە لەگەڵ خۆیدا درۆی نەفەرمووە؟ هەروەها خودی ئێوەیش کە ئەو کەستانە وەک نووسەر بە کۆمەڵگای کوردستان ناساندووە چ وەڵامێکتان هەیە و دەڵێن چی؟؟

لێرەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم **تاوانێکی مەزنی رابەرانی ئێراق** سەبارەت بە گەلی کورد کە لە کتێبێکی دیکۆمێنتی دا بەناوی (توونی مەرگ) خوێندوومەتەوە، بیخەمە بەردەستی ئێوە و خوێنەرانی ئەم نامە. تاوانەکەیش بەم جۆرەیە:

لە سەرەتای جەنگی ئێران و ئێراق دا مرۆڤێکی کورد بەناوی (**عاسی مستەفا ئەحمەد**) لە لایەن (دەوڵەتی ئێراق)ەوە دەگیرێت و رەوانە دەکرێت بۆ مەیدانی جەنگ. لە دووهەمین هێرشی ئێراق بۆ ناوچەی دزفول لە لایەن (هێزەکانی دەوڵەتی ئێران)ەنەوە دەگیرێت. ئەو مرۆڤە بێ تاوانە بۆ ماوەی 7 ساڵ وەک سەربازێکی ئێراق لە زیندانی ئێران دا دەبێت.

پاش کوتای جەنگ و گوڕانەوەی دیلەکان دەگەرێتەوە سلێمانی و روو دەکاتە گوندەکەی خۆیان بۆ بینینی ژن و مناڵەکانی. بەداخەوە دەبینێت گوندەکە وێرانکراوە، ژن و مناڵەکانیشی بێ

سەروشوێنن. بە ناچار نامەیەک بۆ خودی سەددام دەنووسێت، کە بەڵکو یارمەتی بکات بۆ دۆزینەوەی ژن و مناڵەکانی. دەوڵەتی ئێراق بە نامەی رەسمی بەو جورە وەڵامی دەداتەوە:

(**طلب فی** 1990/10/4 **م**

**أن زوجتک و اولادک فقدوا أثناء عملیات الانفال التي جرت في المنطقة الشمالیة عام** 1988).

ئەوەیش خودی دیکۆمێنتەکەی دەوڵەتی ئێراق.



پاشکۆی نامەی ژمارە (١٥)

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

العدد / ش ع / ب / ٤ / ١٦٥٦٥/٦٥
التاريخ / ٦ / ربيع الثاني / ١٤١١ هـ
٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠م

السيد عاصي مصطفى احمد
محافظة السليمانية / قضاء جمجمال
محلة /پیشەس / مسجد حجي ابراهيم

طلبك في ٤ / ١٠ / ١٩٩٠م
أن زوجتك واولادك فقدوا أثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقدير .

سعدون علوان مصلح
رئيس ديوان الرئاسة

سەرکەوتنتان لە هەموو کارەکان بەگشتی و لە بەرێکردنی ئەو کەسە لە هەولێرەوە بۆ بەغا <u>بەتایبەتی</u> ئاواتمە.

ستۆکهۆڵم – سەعی سەقزی 16/ 9/ 2006